گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 8, No. 1, pp. 56–68, March -2020
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# كۆمەڵگەی لێكترازاو: توێژینەوەیەكی چۆنایەتییە لەسەر هاوبەندیی كۆمەڵایەتی لە ئاستی جیاوازیی جوگراڤ و كەمینە ئایینی–ئێتنییەكان لە هەرێمی كوردستان–عێراق

**موسلح عەبدولقەهار ئیروانی**

بەشی كاری كۆمەڵایەتی، كۆلێژی ئاداب–زانكۆی سەڵاحەدین، هەرێما كوردستان–عیراق.

وەرگرتن: 2020/01 پەسەندكرن: 2020/03 بەلاڤكرن: 2020/03 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2020.8.1.574

**پۆختە:**

ئەم توێژینەوەیە، بە دەستپێك لەو ئارگیومێنتە كە دەڵێ كۆمەڵگە بەرهەمی سیاسەتە، كۆمەڵێك پرسیار دەخاتەڕوو: بنەماكانی هاوبەندیی كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستاندا چین؟ ئەرێ ئاستەنگەكانی بەردەمی دروستبوونی ئەو هاوبەندییە چین؟ تا چەند هەستی بەشخوراویی و ستەملێكراویی هەموو بەشەكانی كۆمەڵگە بە كەمینە ئێتنی–ئایینیەكان و شار و دەڤەرەكانەوە، ئەو كۆمەڵگەیەی دووچاری لێكترازان كردۆتەوە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارانە، لە بەر سێبەری تیۆری هاوبەندیی كۆمەڵایەتی، شیكردنەوەیەك بۆ هەندێك ئاستی دابەشبوون لە هەرێمی كوردستان لە ڕووی جیۆگراڤ و ئێتنی–ئایینییەوە كراوە. لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، ئەم توێژینەوەیە سوودی لە شێوازی چۆنایەتی و چاوپێكەوتنی نیمچەكراوە وەرگرتووە. بۆ ئەم مەبەستە ڕێوشوێنێكی تۆكمە گیراوەتە بەر بۆ هەڵبژاردنی نموونەیەكی مەبەستداری چینایەتی لە نوێنەر و دەستەبژێرانی زۆربەی پێكهاتە ئایینی–ئێتنییەكان و دەڤەری جوگراڤ كە هەست بە پەراوێز و ستەملێكراویی دەكەن لە چوارچێوەی هەرێمی كوردستاندا. ئەم توێژینەوەیە بەو ئەنجامە گەیشتووە كە سەرچاوەی سەرەكیی ئەم دابەشبوونە جوگراڤ و لێكترازانە كۆمەڵایەتییەی هەرێمی كوردستان، ململانێی سیاسییە. ئەم فاكتەرە مێژووییە، دوو گوتار و گێڕانەوە ((narrative)ی جیاوازی بۆ كۆمەڵگە و سیاسەت لە هەرێمی كوردستان بەرهەم هێناوە كە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و ڕەنگدانەوەكانی دەبینین. ڕاستە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەرفەتێكی زێرین بوو بۆ ئەوەی پەرە بە پرۆژەی كۆمەڵگەسازیی لە هەرێمی كوردستان بدرێ. بەڵام شەڕی ناوخۆ، مامەڵەی نادادگەرانە و نەگرتنەخۆ ( (exclusion)لەگەڵ هەموو پێكهاتەكانی كۆمەڵگە و حوكمڕانیی خراپ، پێكهاتەی كۆمەڵایەتی–سیاسیی هەرێمی كوردستانی بەرەو دابەشبوون و لێكترازان بردووە. لە لایەكی دیكەشەوە، شوناسی سیاسیی كەمینەكان، بەهۆی نەبوونی سیاسەتی گرتنەخۆ ( (inclusion)و گشتگیریی شوناسی كوردستانیی لە هەرێم، لە گەشەكردندایە. جیاوازیی و لێكدابڕانی شارەكان سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان لە لایەك و هەولێر و دهۆك لە لایەكی دیكەوە، درزێكی گەورەی خستۆتە نێو كۆمەڵگەی هەرێمی كوردستان. سیاسەت و حوكمڕانیی جیاواز لەم دوو زۆنەدا گەشەیكردووە كە ئەمڕۆ ئەستەمە باس لە كۆمەڵگەیەكی یەكگرتوو لە باشوور بكرێ. لە كۆتاییدا بەو دەرنجامە گەیشتووین كە ئەو كۆمەڵگەیانەی قۆناغی دەوڵەتسازییان لە پێش سەرهەڵدانی كۆمیونیكەیشنی تازەدا بەڕێنەكردووە، شوناسە لاوەكییەكان تێیدا گەشە دەكەن و هاوبەندیی كۆمەڵایەتیی تێدا جێگیر نابێ.

**پەیڤێن سەرەكی**: كۆمەڵگەی لێكترازاو، هاوبەندیی كۆمەڵایەتی، كەمینەكان، نەگرتنەخۆ، هەرێمی كوردستان.

## 1. پێشەكی و پاشخانی توێژینەوە

بۆ شیكردنەوەی دابەشبوون و ناتەباییە سیاسییەكان و لێكەوتە كۆمەڵایەتییەكانی، پێویستە بە دوو پێشگریمانە دەستپێبكەین: یەكەم، سەرەڕای ئەوەی كە سەرچاوەی پەرتەوازەیی لە هەرێمی كوردستان مێژووییە و زۆر كۆنترە لەو دوولەتبوونەی كە دووچاری بزاڤی ڕزگاریخوازیی كوردستان لە ناوەڕاستی شەستەكانی سەدەی ڕابردوو ببووەوە ( (McDowall, 2004: 316)، هاوبەندییەكی كۆمەڵایەتیی ( (social cohesion)لە كوردستانی باشوور (هەرێمی كوردستانی عێراق) تا نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو هەبوو" هاوبەندییەكی میكانیكیی و سنووردار كە هیچكات نەپەڕییەوە بۆ ئاستە ئۆرگانییەكەی. بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆ و هەروەها ململانێ

سیاسییەكانی ئەم دەساڵەی ڕابردوو تەواو تێكشكا و كۆمەڵگە لەڕووی جیۆگرافییەوە ڕووەو پەرتەوازییەكی ئەوپەرگیر ڕۆیشت. دووەم، ئامادەیی وەكیەكی كەمینەكان لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووریی ڕۆژبەڕۆژ لە پاشەكشەدایە. ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێك لە نەگرتنەخۆ ( (exclusionو هەستی ستەملێكراوی و بەشخوراویی. ئامانج لەم توێژینەوەیە تێگەیشتن و شرۆڤەكردنی پەرتەوازەیی سیاسیی–كۆمەڵایەتی و ئاستەنگەكانی بەردەم هاوبەندیی كۆمەڵایەتیی ئۆرگانیكە لە هەرێمی كوردستاندا

ئەم توێژینەوەیە، بەتایبەت هەوڵی تاقیكردنەوەی تیۆرێكی سیاسی–سۆسیۆلۆژیی نادات، بەڵكو لەڕوانگەی تیۆری هاوبەندیی كۆمەڵایەتییەوە، شیكردنەوەیەكی سۆسیۆ–سیاسیی ئەو دەركەوتە و نیشانانە دەكات كە گوزارشت لە جیاوازی، پارچەپارچەیی و لێكترازانی كۆمەڵگەی هەرێمی كوردستان دەكەن. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە هاوبەندیی كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستاندا لەوەدا دەردەكەوێ كە كۆمەڵگەیەكی فرەكولتوور هەیە. ئەم كۆمەڵگە فرەكولتوور و لەیەكنەچووە حاڵەتێكی دابەشبوون و لێكدابڕانی وەرگرتووە.

كێشەی و ئامانجی توێژینەوە

پرسیاری سەرەكی لێرەدا ئەوەیە، وێڕای ئەو دابەشبوونە ناوچەیی، ئێتنی و ئایینییانەی لە هەرێمی كوردستان هەن، ئاخۆ دەتوانین بڵێین كۆمەڵگەیەكمان هەیە بەناوی كۆمەڵگەی هەرێمی كوردستان؟ ئەم توێژینەوەیە وڵامی كۆمەڵێك پرسیار دەداتەوە: چین ئەو بنەمایانەی بەشە جیاجیاكانی كۆمەڵگەیەك بە یەكترەوە دەبەستنەوە؟ ئەو دابەشبوون و پارچەپارچەبوونەی لە هەرێمی كوردستاندا دەبینین سەرچاوە یان سەرچاوەكانی چییە یان چین؟ ئەرێ ئاستەنگەكانی بەردەمی هاوبەندیی كۆمەڵایەتی ئۆرگانیك لە هەرێمی كوردستاندا چین؟ تا چەند هەستی بەشخوراویی و ستەملێكراویی هەموو بەشەكانی كۆمەڵگە بە كەمینە ئێتنی–ئایینیەكان و شار و دەڤەرەكانەوە، ئەو كۆمەڵگەیەی دووچاری لێكترازان و سەرهەڵدانی شوناسی جیاواز كردۆتەوە.

ئامانجی سەرەكیی توێژینەوە گەڕانە بەدوای سەرچاوەكانی هەستكردن بە ستەملێكراوی و پەراوێزخراویی لە ئاستی جوگرافیی لە لایەك و لە لایەكی دیكەوە لە نێوان پێكهاتە ئایینی–ئێتنییە سەرەكییەكانی هەرێمی كوردستان. ئامانجمان لە بەشی یەكەمی باسەكە، گەڕان بووە بەدوای جیاوازی، پەرتەوازەیی و هەستی ستەملێكراویی لە نێوان شار و ناوچەكاندا. لە كاتێكدا لە بەشی دووەمی باسەكەدا مەبەستمان بووە لە جیاوازیی سیاسی–كۆمەڵایەتی و دەرفەت و ئالنگارییەكانی بەردەم ئامادەییە كۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەكانی كەمینەكان لە هەرێمی كوردستاندا، بكۆڵینەوە.

## 2. چوارچێوەی تیۆری بۆ لێكۆڵینەوەی هاوبەندیی كۆمەڵایەتی

لە دونیای ئەكادیمی و سیاسەتدا، هاوبەندیی كۆمەڵایەتی مێژوویەكی زۆر تازەی هەیە. ئەگەرچی لە تیۆری كۆمەڵایەتیدا دەتوانین ڕەگوڕیشەی هاوبەندیی كۆمەڵایەتی لە بەرهەمی فەیلەسووفان و كۆمەڵناسانی كلاسیكدا بدۆزینەوە. لە پەیمانی كۆمەڵایەتی لووك و ڕۆسۆدا دەتوانین ڕەگوڕیشەكانی هاوبەندی كۆمەڵایەتی بدۆزینەوە. بەڵام دوركایم یەكەم كەس بوو كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆتر باسی كۆویژدان و هاوكاری كرد. هاوبەندیی كۆمەڵایەتی ( Social Cohesion)لای دوركایم (یان وەك ئەو زاراوەی هاوكاری solidarity بۆ بەكاردێنێت) بەگوێرەی سیستمی كۆمەڵایەتی كۆن و نوێ دابەش دەبێ بۆ دوو جۆر: هاوبەندیی میكانیكی كە خەسڵەتی كۆمەڵگە نەریتی و بچووكەكانە، لەگەڵ هاوبەندیی ئۆرگانی كە كۆمەڵگە ئاڵۆز، مۆدێرن و پێشكەوتووەكان گەشەی پێدەدەن (Durkheim, 2013/1984). لە نێو كۆمەڵگە بچووك و نەریتی و خێڵەكییەكاندا، هاوبەندیی كۆمەڵایەتی لەسەر "لەیەكچوون" رادەوەستێ. كۆمەڵگەكان هاوبەند دەبن كاتێك له رووی كولتوور و بەهای ڕەفتارییەوە لەیەك دەچن. سەرەڕای ئەوە، كۆمەڵگە مۆدێرنەكان لەو لەیەكچوونە بەدوور نین، بەڵام مەبەستی دوركهایم لێكچوونی نێو ئەو كۆمەڵانەیە كە دابەشبوونی كار تێیدا هێشتا لە قۆناغێكی سەرەتاییدایە.

هاوبەندیی كۆمەڵایەتی و (نیشتیمانی) لە كۆمەڵگە پێشكەوتووەكاندا هاوبەندییەكی ئۆرگانیكی و وەزیفییە. وردەكولتوورەكان لە كۆمەڵگەی مۆدێرندا ڕەنگدانەوەی پاشخانی گرووپە كۆمەڵایەتییە هەمەچەشنەكانن. بەڵام ئەم وردە كولتوورانە تەواو لە چوارچێوەی كولتووری نەتەوەیی زاڵ و رەسمیدا لەگەڵ وردەكولتوورەكانی دیكەی كۆمەڵگە لە پەیوەندییەكی دوولایەنە دان و لە ئەركی خۆیان بەردەوامن. ئەو كۆمەڵگەیانە چەندی مۆدێرنتر دەبوون، جیاوازییەكانیان كاڵدەبوونەوە و هەر یەكەیان لە ناوخۆیاندا زێتر و زێتر بەرەو لەیەكچوون دەچوون. ئەم پرۆسەیە لە هەرێمی كوردستاندا تەواو بەپێچەوانەوەیە. لەبەر ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە هەرێمی كوردستان زۆر درەنگ پرۆسەی نەتەوەسازی و كۆمەڵگەسازیی دەستپێكردووە، شوناسە لاوەكییە ئێتنی، ئایینی و جیۆگرافییەكان وا لەیەكتر دووركەوتوونەتەوە، كە بە ئاسانی كۆمەڵگەیەكی "یەككگرتوو" دروست نەبێ. دوو هۆكاری نێوخۆیی لەو نێوانەدا دەوری نەرێنییان بینیوە: یەكەم ناسەقامگیریی سیاسیی و ململانێ سیاسییە ناوخۆییەكان، دووەم لاوازیی بەها رەسمییەكان كە نەیانتوانیوە بەها لاوەكییەكان بەرەو لای خۆیان ڕابكێشن و بیانگرنەخۆ.

بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە وا پێناسی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی دەکەین کە فۆرمێکی پەیوەندیی نێوان تاکەکەسان، دەزگا و رێکخراوەکان و گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵگەیە کە لە ئاستی جیاجیادا هاوکاریی یەکتر دەکەن، ڕێز لە یاسا و ڕێساکانی وڵات دەگرن و ئینتیما و ناسنامەیەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

ئەگەر چاو بەناو تیۆر و لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە هاوبەندیی کۆمەڵایەتیدا بگێڕین، هەست دەکەین نەریتێکی توێژینەوەی دەوڵەمەند لەو بارەوە هێشتا دروست نەبووە. سەرەڕای ئەوەش لەم بیست ساڵەی دواییدا کۆمەڵێك توێژینەوە و ئەدەبیات سەبارەت بە چەمك و ڕەهەندەکانی هاوبەندی کۆمەڵایەتی بڵاوکراونەتەوە (Berger-Schmitt, 2000; Hudson et al, 2007; Jenson, 1998 & 2010; Kearns and Forrest, 2000; Larsen 2013; Rajulton et al, 2007; Schiefer and van der Noll, 2017; Taylor and Davis, 2018).

لەو بارەوە جێنسۆن (Jenson, 1998: 15-17) چەمکی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی بەسەر چەند ڕەهەندێکی پێکهێنەریدا، بەم شێوەیەی خوارەوە، دابەش دەکات:

١. ئینتیما–گۆشەگیری: ئەم ڕەهەندە لایەنی بەها، شوناس و هەستی پابەندبوونی هاوبەش دەگرێتەوە.

٢. گرتنەخۆ–نەگرتنەخۆ: ئەم دوو چەمکە چەقی زۆربەی لێکدانەوە و پێشمەرجەکانی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن کە جەخت لەسەر دەرفەتی یەکسانی دەستگەیشتن بە سەرچاوەکان (ئابووری، کار، داهات و خزمەتگوزارییەکان) دەکات.

٣. بەشداریکردن–بەشدارینەکردن (دوورەپەرێزی): ئەمەشیان دەرخەری ئاستی بەشداریکردن و بەشدارینکردنی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەیە لە چالاکییە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان.

٤. دانپێدانان–ڕەتکردنەوە: ئەمە بریتییە لە مەسەلەی ڕێزگرتن و هەڵکردن لەگەڵ جیاوازییەکان لە کۆمەڵگەی فرەکولتووردا.

٥. ڕەوایەتی–ناڕەوایەتی: لێرەدا جەخت لەسەر ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کە ڕۆڵی ناوبژیکەر لە ململانێکاندا دەبینن لە کۆمەڵگەی فرەچەشن (پلوڕالیست)دا.

بێرگەر–شمیت (Berger-Schmitt) دوابەدوای خستنەڕووی چەندین دابەشکاریی بۆ ڕەهەندەکانی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی لە ئاستی چەمك، تیۆر و سیاسەتی گشتیدا، ئەوەی لێهەڵدەهێنجێنێت کە چەمکی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی دوو ڕەهەندی ئامانجی کۆمەڵگەیی دەگرێتەخۆ. دواتر هەر لەسەر بنەمای ئەم دوو ڕەهەندە شیکردنەوەکانی خۆی بۆ چۆنییەتیی (کواڵیتی) کۆمەڵگەکان دەکات. ڕەهەندی یەکەم گرنگی بە کەمکردنەوەی کەلێن و جیاوزییەکان، نایەکسانی و نەگرتنەخۆی کۆمەڵایەتی دەدات. ڕەهەندی دووەمیش جەخت لە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کارلێکەکان و ڕایەڵەکان دەکات. ئەم ڕەهەندەیان ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە تێکڕا پێیان دەگوترێ سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا (Berger-Schmitt, 2000: 4).

بە پشتبەستن بەم هەڵبژاردەیە لە ئەدەبیاتی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی، لە خوارەوە کۆمەڵێك مەرجی پێشینەی هاتنەکایەی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەین و دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێشمەرجانە شیکردنەوەی واقعی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دەکەین:

یەکەم، دابەشبوونی یەکسانی دەرفەتە ئابوورییەکان هەستی بەشداربوون، ئامادەیی و لەخۆگرتن (inclusion) پتەو دەکات. ململانێ سیاسییەکان لە کوردستاندا بوونەتە هۆی پەراوێزخستنی ئابووری و خزمەتگوزاری و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە هەستی دوورخستنەوە و نەگرتنەخۆ (exclusion). بێگومان بەڵگە و فاکتی بەرهەستی ماددیش لەبەردەستن، بەڵام ئەم هەستەی دوورخستنەوە و نەگرتنەخۆیە هەستێکی تا ڕاددەیەکی زۆر سۆبجێکتیڤ و بەخوودییبووە. سەرەڕای ئەوەش یەکسانی و دادگەری یان جیاوازیی دەستڕاگەیشتن بە دەرفەت و هەلومەرجە مادییەکانی وەك داهات، تەندروستی و چۆنیەتیی ژیان، تاکەکانی بە توندی بە کۆمەڵگەوە دەبەستێتەوە یان پەرتەوازەیان دەکات. لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا پاراستنی کۆمەڵایەتی وەك سەرمایەگوزاریی مرۆیی لێی دەڕواندرێ. تاکەکان لەڕێی پاراستنی مافەکانیانەوە، ڕایەڵکەی کۆمەڵایەتییان بە سیستمێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی دیاریکراوەوە دەبەسترێتەوە.

دووەم پێشمەرج بریتییە لە دانپێدانان، ئامادەیی و بەشدارییپێکردنی هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی سیاسییەوە. بوونی نوێنەرایەتیکردنی راستەقینەی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە لە پرۆسەی سیاسی و هەبوونی دەنگی بیستراویان زەمینەیەکی دیکەی هاوبەندیی کۆمەڵایەتییە.

سێیەم ئەوەیە کە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە هەست بکەن خۆیان لەناو کولتووری زاڵدا دەدۆزنەوە. خۆدۆزینەوە لە ناو کولتووری زاڵدا وا دەکات هەستی نامۆیی و دوورەپەرێزی لە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگ و هێترۆجێنیك دروست نەبێت. لەخۆگرتنی کۆمەڵایەتی، تێکەڵاوبوون و هاوکاری ڕەهەندێکی گرنگی هاوبەندیی کۆمەڵایەتین. ئەمەش بریتییە لە ڕادەی گرتنەخۆ و یەکخستنی کۆمەڵایەتیی خەڵك لە دامەزراوە باوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

چوارەم پێشمەرجی هاوبەندی بریتییە لە ژێرخان. پێداویستییە ژێرخانی و مادییەکانی وەك جادەی سەرەکیی بەیەکەوەبەستنەوەی شار و شارۆچکەکان، دەرفەتی خوێندن و کار لە شارەکانی تر و دەرفەتەکانی دیکەی تێکەڵاوبوون و ڕایەڵبەستن، وا دەکات کۆمەڵگەیەکی هاوبەند و بەیەکبەستراو دروست بێت. نەبوونی ئەو

هەلومەرجە ماددییانە، بەتایبەت کار، داهات، تەندروستی، پەروەردە و شوێنی نیشتەجێبوون، زیان بە پەیوەندیی لەنێوان و لەگەڵ کۆمەڵەکان دەگەیەنێ. ئەم پێداویستییە سەرەکییانەی ژیان بناغەی شیرازەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز پێکدەهێنن.

پێنجەم پێشمەرج هەلومەرجە جیۆگرافی، مێژوویی و سیاسییەکان دەگرێتەوە. یەکێك لە ئاستەنگە هەرە سەرەکییەکانی بەردەمی کۆمەڵگەی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان دابەشبوونی مێژوویی هەرێمە بۆ دوو زۆنی زەرد و سەوز، بەهۆی ململانێ و شەڕی ناخۆوە کە سەرچاوەکەی بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە (حەکیم و ئەمیر، ٢٠١٧). ئەمە هەلومەرجێکی هەستیار و پڕ کێشمەکێشی لەنێوان ئەم دوو زۆنەدا دروست کردووە کە تێیدا خەڵکی ناوچەی زۆنی سەوز هەست دەکەن بەهۆی هەڵکەوتەی جیۆسیاسییانەوە ڕووبەڕووی ستەم و نادادییەکی سیستماتیك دەبنەوە. هەستی ستەملێکراویی لای بەشێکی خەڵك لەو زۆنەدا تا ئەو شوێنە دەڕوات کە وابەستەییان بەم کۆمەڵگەیە کاڵ دەکاتەوە.

## 3. میتۆدی توێژینەوە

سنووری بواری ئەم توێژینەوە تەنیا هەرێمی کوردستانی عێراقە. لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، ئەم توێژینەوەیە شێوازێکی چۆنایەتیی (Qualitative) لەڕێی چاوپێکەوتنی نیمچە کراوەوە (Semi-structured Interviews) گرتۆتەبەر. نموونەی هەڵبژێردراوی توێژینەوەمان لە جۆری نموونەی مەبەستداری چینبەندیکراوە (Stratified Purposeful Sampling). پێوەری هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە تیۆرییە. لە نموونەگیریی تیۆریدا گرووپێك بۆ توێژینەوە هەڵبژێردراوە لەسەر بنەمای پەیوەندییان بە پرسیارەکانی توێژینەوە، هەڵوێستی تیۆری و لەوانەش گرنگتر ئەو شرۆڤەکاریی و بۆچوونەی کە گەشەی پێدەدەین (Silverman, 2010: 144).

ئەو نموونە تیۆرییە نوێنەرایەتی هەم پێکهاتە ئێتنی–ئایینییە سەرەکییەکانی کوردستان و هەمیش دابەشبوونە ناوچەییەکانی لێتوێژراوان دەکات. بۆ ئەم مەبەستە، (١٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزایان و دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیریی لە ئاستی ناوچەی جوگرافیی (سلێمانی و هەولێر)، هەروەها لەگەڵ خەڵك، دەستەبژێری ڕۆشنبیری و ئەکادیمی، هەروەها نوێنەرانی (ئەندام پەرلەمان) سەر بە پێکهاتەی جیاجیای ئایینی و ئێتنی (فەیلی، تورکمان، کاکەیی، مەسیحی و ئێزدی) ئەنجام دراون. پاساوی هەڵبژاردنی ئەم جۆرە نموونەیە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی توێژینەوە بە سەر چەندین گرووپی ئێتنی– ئایینیدا دابەش بووە. لە کۆتاییشدا بۆ پشتڕاستکردنەوە و تاووتوێی زیاتری دەرەنجامەکان، زنجیرەیەك چاوپێکەوتنی تەواوکاریی لەگەڵ هەر یەك لە نوێنەرانی ئەو بەشە جیاجیایانەی کۆمەڵگەدا ئەنجام دراوەتەوە.

شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەشداربووانی توێژینەوە ئەوەیە کە نەناسرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە ناوی هەموو بەشداربووان گۆڕدراوە بۆ کۆدە وشەی چوار یان پێنج پیتی. هەوڵدراوە ئەم کۆدە وشانە لە ناوی ڕاستەقینەی مرۆڤ نەچن. ئەگەر هەر نزیکایەتییەك لە نێوان کۆدە بەکارهاتووەکان و ناوی هەر کەسێك هەبێت، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاشنانەبوونی توێژەر بەو ناوە و بە دڵنیاییەوە بۆچوونەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە گوزارشت لە بۆچوونی ئەوان ناکات.

لە مامەڵەکردن لەگەڵ داتاکاندا، شیکردنەوەی (Thematic Analysis) ئەنجامدراوە. ئەوەندی کرابێت، خۆمان بواردووە لە دانانەوەی وەکخۆی وتەی بەشداربووانی توێژینەوە. بۆیە لە هەندێ حاڵەتی زۆر دیاریکراو نەبێت توێژەر هەوڵیداوە ڕاستەوخۆ وتە وەرگیراوەکان شرۆڤە بکات و وەك نووسینی توێژینەوە خراونەتە ڕوو.

## 4. هاوبەندی و لێکترازان

لەڕێی چاوپێکەوتنەکانی لێکۆڵینەوەوە، چەندین بیرۆکە و تەوەری ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتن کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو و دواتر شیکردنەوەی زیاتریان لەسەر دەکەین. زانیارییەکانی وەرگیراو لە لێتوێژراوان ئەوەمان پێدەڵێن کە نەبوونی دەرفەتی وەکیەکی ئابووریی، هەستی بەشخوراوی و ستەملێکراویی لای خەڵك دروست دەکات و پاڵیان پێوەدەنێت بەدوای شوناسێکدا بگەڕێن. ئەوە ڕاستە کە لە هەرێمی کوردستاندا دان بە کەمینەکان نراوە، بەڵام بەشداریی سیاسییان زۆر سنووردارە. ئەوانەشی کە دەرفەتی بەشداریی سیاسییان پێدەدرێ، کەمینەکان بە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیانیان نازانن. نوێنەرانی کەمینەکان زیاتر هەڵبژێردراوی جێی پەسندی زۆرینەن و سەپاون بەسەر کەمینەکاندا" لە جیاتی ئەوەی نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی مافی کەمینەکان بکەن لە لای یان لە بەرامبەر زۆرینەدا.

خاڵێکی تر کە لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووین، پشتگوێخستن و نەخوێندنەوەی وردەکولتووری کەمینەکان و جێنەکردنەوەیانە لەناو کولتووری باڵادەستدا. ئەم حاڵەتە گوزارشت لە لاوازیی سیاسەتی کولتووریی هەرێم دەکات. ئەوەی پێی دەگوترێ کولتووری باڵادەست هی زۆرینەیە و سیما و توخمەکانی وردەکولتوورەکانی کۆمەڵگەیەکی فرەکولتووری وەکو هەرێمی کوردستان تێدا ڕەنگی نەداوەتەوە. ئەمەش هەستی دوورەپەرێزی، گۆشەگیریی و چوونەوە ناوخۆی لە لای کەمینەکان دروست کردووە.

هەلومەرجە سیاسیی و مێژووییەکان سەرچاوەی دابەشبوونە جیۆگرافییەکانی هەرێمە بەسەر دوو زۆنی زەرد و سەوز. لەو بارەوە حەکیم و ئەمیر (٢٠١٧) لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی کۆمەڵگەی کوردستانی باشوور لە نێوان یەکگرتوویی و پەرتەوازەییدا باسی ڕۆڵی ڕاگەیاندن، حیزب و تۆڕە کۆمەڵایەتییان لە تۆخکردنەوەی

پەرتەوازەیی لە باشووری کوردستاندا دەکەن (حەکیم و ئەمیر، ٢٠١٧). توێژینەوەی ئێمەش بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم دابەشبوونە بۆتە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دوو گێڕانەوەی تەواو جیاواز بۆ مێژووی سیاسی کە دواجار لێکترازانێکی کۆمەڵایەتی–سیاسیی لێکەوتۆتەوە. ئەمە و چەند خاڵێکی دیکە بە درێژی لێرەدا شرۆڤە دەکەین.

دابەشبوونی دەرفەتەکان

زۆربەی لێتوێژراوان، بەوانەشەوە کە لە ئیمتیازی تاکەکەسی لە هەرێمدا بەهرەمەند بوون، پێیان وایە دەرفەتی ئابووریی وەکیەك بۆ هەموو پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەستەبەر نییە. ئەمە چ لە ئاستی کار بۆ خەڵکی ئاسایی و چ لە ئاستی سەرمایەگوزاریی هەر ڕاستە. ڕەخنەی سەرەکی زیاتر لە ئاست و شێوازی خزمخزمێنە (نیپۆتیزم) و گرنگیدانە بە کەسی نزیك لە دەسەڵات (کلایەنتالیزم). پلەی یەکەمی ئیمتیازەکان دەدرێ بە زۆرینە و لەناو ئەوانیشدا بە کەسی نزیك لە باڵە دەسەڵاتدارەکانی ناو حزبە گەورەکان. تا چەمکی هاوڵاتیبوون و لێهاتوویی نەبێتە پێوەر بۆ کارکردن و خستنەکار، ئەوان هەمیشە دۆڕاون و ناتوانن پێشبڕکێی گرووپی دەستڕۆیشتووی ناو زۆرینە بکەن.

کێشەکان نەك لە نەبوونی یاسا، بەڵکو لە جێبەجێکردن دان. بۆ ڕێکخستنی دەرفەتی کاری وەکیەك بۆ هەمووان، یاسای ئەنجومەنی ڕاژە لە ساڵی ٢٠١١ لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کرا. لە ئەوساوە تا ئێستا هیچ هەنگاوێك بۆ جێبەجێکردنی نەگیراوەتە بەر. ئەنجومەنی ڕاژە ئەو میکانیزمەیە کە بەهۆیەوە دەرفەتی کار لە کەرتی گشتیدا وەکو یەك بۆ هەموو هاوڵاتیان بەبێ گوێدانە باگراوندی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوونیان دەڕەخسێنێ.

ئەم حاڵەتە نەك تەنیا بۆ هەڵسوکەوتی حکومەت و دەسەڵات، یان دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا ڕاستە، بەڵکو لە بواری سەرمایەگوزاریی تایبەتیشدا دەرفەتی وەکیەك نییە. بەهۆی جیاکاری لە ئیمتیاز و دەرفەت بۆ هەندێ گرووپ و نیپۆتیزم، عاممەی سەرمایەداران لە دەرفەتی خستنەکار و سەرمایەگوزاری هەڵاوێردیان لە دژدا دەکرێ. کاتێك دەرفەتی کاری گشتی و تایبەت بە یەکسانی بەسەر هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەدا دابەش نەبێ، کاتێك قۆرغکاریی لە کۆمەڵگەیەکی پێشمۆدێرندا کە هێشتا میکانیزمەکانی ماف وەکیەکی هاوڵاتیان نەچەسپیوە، بەشخوراویی و هەستی ستەملێکراوی دەبێتە واقیع. سیستمی کۆمەڵایەتی پێشمۆدێرن ئەم حاڵەتەی وەك خۆ هێشتۆتەوە و تا ئەو واقیعە بەردەوام بێت، بەرهەمیش دێتەوە.

توێژی خۆبەمەدەنیزانیش لەو ڕەفتارەی خزمخزمێنە بەدەر نین. ئاراستەی زاڵ و باو ئەوەیە کاتێك کەسێك بۆ کارێکی دیاریکراو وەك یاریدەدەر، کارمەند یان تەنانەت شوفێرێکیش دادەمەزرێت، بازنەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن بۆ زۆربەی خاوەنکار و بەرپرسان تا بکرێ لە چوارچێوەی پەیوەندیی خێزان و خزمایەتی یان بەرفراوانتری خێڵ دەرناچێت. لێهاتوویی تەنیا ئەو کاتە دێتە پێشەوە کە لەو بازنە سنووردارەدا کەسێك دەستناکەوێت کارامەیی ئەنجامدانی ئەو کارەی هەبێت.

سیاسەتی حزبیی ئەم ئاراستە و ڕەفتارەی بەشێوەیەکی دیکە قووڵتر کردۆتەوە. ئەوە نزیك بە ١٠ ساڵە دەرچووی زانکۆکان، کە ژمارەیان لە دەیان هەزار کەس تێپەڕیوە، ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێت، ئەویش بۆ هەندێ پسپۆڕیی وەکو پزیشکی، وانەبێژیی بەگرێبەست و هەندێك پیشەی ئەندازیاریی سنووردار نەبێ، دانەمەزراون. بەڵام کاتێك کە تازە دەرچوویەکی زانکۆ، بەهۆی پەیوەندییە خزمایەتی و حزبییەکانی، بە پلەیەکی وەکو بەڕێوەبەری ناحیە یان پۆستێکی باڵاتر لە کەرتی گشتی دادەمەزرێت، خەڵکی تەنانەت سەر بە هەمان حزبیش هەست بە ستەم و بەشخوراویی دەکەن. لەو ڕووەوە ناعەداڵەتیی لە دابەشکردنی دەستکەوتەکان لە ناو یەك حزبیشدا گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی و هەستی ستەملێکراویی لێدەکەوێتەوە.

لێتوێژراوێکی کاکەیی گوتی:

"برام دەرچووی ئەندازیاریی مەدەنییە. بەبۆنەی دەستکەوتنی کارێك لە کۆمپانیایەکی تایبەت ڕۆژێك ٨ کەس لە هاوڕێ و هاوپۆلەکانی مێوان کردبوو. کە پرسیارم لێیان کردن هەموویان لە کەرتی گشتی دامەزرابوون، تەنیا براکەم نەبێت. ئەمە ڕەنگە خەتای بەرپرسی یەکەمی حیزبەکان نەبێت، بەڵام دەستوپێوەندەکانیان کەسێکی نزیکی خۆیان کە موسڵمانە ڕاستەوخۆ دادەمەزرێنن. ئەگەر هۆکاری سەرەکیی ئەم دانەمەزرانەی براکەم نەشگێڕمەوە بۆ کاکەییبوونەکەی، بێگومان پرسیارێکی لای من دروست کرد" (کارێز، ٢٠١٩).

دوو خوێندنەوە بۆ ئەم حاڵەتە دەکرێ. یەکەم ئەوەیە کە کەمینەکان بەشێوەیەکی مەبەستدار پەراوێز دەخرێن. دووەم ئەگەر مەبەستەکە واش نەبێت، مامەڵە و هەڵسوکەوتێکی ئاوەها لەگەڵ ئەندامانی کەمینەکان وایان لێدەکات هۆکارەکەی بۆ شوناسی جیاوازیان بگێڕنەوە و هەست بکەن پەراوێز خراون. کەمینەکان دەبینن کە بە ئەندازەی کلایەنت و دەستوپێوەندەکانی بەرپرسان مافیان پێ نادرێ. لەوەش جیدیتر هەستکردنە بە ستەملێکراویی. ڕاددەی ڕاستەقینەییبوونی ئەم حاڵەتی ستەملێکراوییە هەر چەند بێت، بۆتە گوتارێکی بەخوودیبوو لای کەمینەکان کە هەست بکەن وەك پێکهاتەیەکی ئایینی–ئێتنیی جیاکارییان لەدژ دەکرێ و بەشخوراون. مەسیحییەکان لە دامودەزگا حکومییەکان بە پەرش و بڵاوی هەن، بەتایبەت لە کەرتی بانك، زانکۆ و پەروەردەدا. سەرەڕای ئەوەش، لە هەولێر بواری کارکردنیان سنووردارە. نوێنەرێکی مەسیحییەکان وتی: "ئێمە تەنیا دەبێ لە عەنکاوە ﴿یان ناوچە و گەڕەکە مەسیحییەکان﴾ کار بکەین. بواری کاری من زۆر سنووردار کراوەتەوە، ئەمە کارێکی

باش نییە... تۆی موسڵمان دەتوانی مۆڵەتی شوفێری تەکسی وەرگری، کە نایدەن بە منی مەسیحی" (ساکۆ، ٢٠١٩). زۆر سەختە بتوانین لە مەبەستی ڕاستەقینە لەو نێوانەدا بگەین. بەڵام بەهۆی ناسکیی هەلومەرجی کەمینەکان هەر ڕەفتارێکی ناعادیلانە، یەکسەر سەرچاوەکەی دەبردرێتەوە بۆ شوناس. مامۆستایەکی زانکۆ لەنێو لێتۆژراوان پێیوایە کە وەکو هەموو مامۆستایانی دیکەی سەر بە هەمان زانکۆ مافی هەبووە خانووی بە قیستی لەسەر تۆمار بکرێ. بەڵام دواتر لە تیروپشك دەرنەچووە. ئەو یەکسەر ئەوە دەبەستێتەوە بەوەی کە "دەستێك هەیە ناوی ئەوی لە لیستەکە دەرهێناوە (کارێز، ٢٠١٩). ئەو نموونەی زۆرتری هێنایەوە و گوتی "لە دابەشکرانی وانەکاندا جیاکاریم لە دژدا دەکرێ... مامۆستای وا هەیە ساڵانە لەسەر خەرجیی زانکۆ دەنێردرێتە دەرەوە. من ١٠ ساڵە مامۆستام تا ئیستا لە یەك شانددا دانەنراوم" (کارێز، ٢٠١٩).

لێتوێژراوێکی فەیلی پشتڕاستی دیاردەی پەراوێزخستنی کەمینەکانی کردەوە و پێیوابوو

"لەو ڕووەوە دەرفەت بۆ زۆرینە موسڵمانی سوننی زۆر زیاترە وەك فەیلی. ﴿...﴾. من ئەزموونی زۆر زیاترم لە کاری حزبی و ئیداریدا هەیە. بەڵام کە دێتە سەر پراکتیك، زۆر جار ڕووبەڕووی ئەوە بوومەتەوە کەسێکی زۆر بێ ئەزموون و لەڕووی پلەبەندیی حزبەوە لە خوارەوەتری خۆم بەسەر من دا زاڵ کراوە" (دڵتا، ٢٠١٩).

لەبارەی دەرفەتی ئابووریی، تورکمانەکانی هەولێر ئەزموونێکی دیکەمان بۆ دەگێڕنەوە. ئەوان لە پیشەی دامەزراو و درێژمەودای خۆیان بەردەوامن و پێیان وایە تا ئێستاش پێگەیان لە بازاڕی کار و پیشەی خۆیاندا بەهێزە (چاکە، ٢٠١٩).

دانپێدانان و بەشدارپێکردن یان پاشەکشەی سیاسی

یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان کە لە ١٢ی نیسانی ٢٠١٥ دا خراوەتە بەردەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دانی بە کۆمەڵێك ماف و ئیمتیازی کەمینەکان ناوە. ئەم یاسایە جگە لە کورد، بە ناوهێنان دان بە بوونی پێکهاتە ئێتنییەکانی وەکو تورکمان، کلدانی، ئاشووری، سریانی و ئەرمەنەکان، و هەروەها پێکهاتە ئایینییەکانی وەکو موسڵمانی سوننی و شیعە، مەسیحی، ئێزدی، سابیئەی مەندانی و زەردەشتییەکان لە هەرێمی کورستاندا دەنێت (پەرلەمانی کوردستان، پاراستنی مافی پێکهاتەکان، ٢٠١٥). بە گوێرەی ئەم یاسایە، دەرفەت و دڵنیایی بەشداریکردنی سیاسی لە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی لە هەرێم بەبێ هیچ جیاکارییەك بە هەموو ئەو پێکهاتانەی سەرەوە دراوە. بەڵام کێشەی سەرەکی چۆنییەتی دابەزاندنیانە بۆ واقع. کاتێك کەمینەکان دەبینن کە وەك هاوڵاتیی پلەیەك لە کۆمەڵگەدا حیسابیان بۆ ناکرێ، داننان بە مافەکانیان بە زمان و نووسینی سەر بەڵگەنامەکان دڵخۆشیان ناکات. کەمینەکان خوازیاریی جێبەجێکردنی یاسا، چەمکی هاوڵاتیبوون و یەکسانین (چاوپێکەوتن لەگەڵ کارێز، دڵتا، ساکۆ، قەڵات، گوێژە، گۆرانی و ئەوانی تریش).

نوێنەرایەتیی کەمینەکان تەنانەت ئەوەی ناوی کۆتای پەرلەمانیشی لێدەنرێ، لە لای کەمینەکان خۆیان مشتومڕێکی گەورەی لەسەرە. ململانێی توند لەسەر ئەو کورسیانەی پەرلەمان هەیە و ئەوانی دواجار پڕیان دەکەنەوە، بەهۆی دەستتێوەردانی پارتە سیاسییەکانی سەر بە زۆرینە، کەمینەکان بە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیانیان نازانن. جگە لەوەش، لە عێراقدا بە گوێرەی زیادبوونی دانیشتوان ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە عێراق زیاد کرا، بەڵام ژمارەی ئەندامانی کۆتا وەك خۆی مایەوە. ئەمە هەمان ترسی لای کەمینەکان لە هەرێمیش دروست کردووە کە ئەگەر حاڵەتێکی ئاواهی لە هەرێم ڕوویدات و بە گوێرەی ڕێژەکە کۆتای ئەوان زیاد ناکات.

فەیلییەکانیش گێڕانەوەی خۆیان هەیە بۆ پاشەکشەی ڕۆڵی ئەوان لە کۆمەڵگە و سیاسەت لە هەرێمی کوردستاندا. ڕۆڵی بەرچاوی فەیلییەکان لە شۆڕش و بزووتنەوە کوردییەکان حاشاهەڵنەگرە، پشتیوانیی کوردی فەیلی، کە زۆرینەی ڕەها شیعەن، لە شۆڕشی کورد لە سەدەی بیست، چەندەی پەیوەندی بە شوناسی کوردبوونیانەوە بووبێت، وامان لێناکات ڕۆڵی فاکتەری ئایینی لەبەرچاو نەگرین. فەیلیی کوردی شیعە لەژێر هەیمەنەی دەوڵەتێکی ناوەندیی کۆنترۆڵکراو لەلایەن عەرەبی سوننییەوە هەستی بە زوڵمێکی زۆر دەکرد. بزووتنەوەی کورد ئەو پەناگەیە بوو کە فەیلییەکان وەك کەمینە لە سایەیدا هەستیان بە پشتیوانی دەکرد" ئەمەش بەتایبەت دوای دەوڵەمەندوونیان و کۆنترۆڵکردنی بازاڕی بەغدا لە دوای کۆچی زۆرەملێی جوولەکەکان لە عێراقەوە بۆ ئیسرائیل. عەرەبی شیعەی عێراق زۆریان مابوو ببنە شت، بۆیە وەك دەبینین فەیلییەکان دێنە پاڵ کورد کە تاکە هێز بوو لە عێراقدا دەیتوانی حکومەت ڕابگرێت. هاتنی فەیلییەکان بۆ ناو بزووتنەوەی کوردی بە قورسایی خۆیان و پارە و چەکی خۆیان بوو.

لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی ٥٠ و ٦٠ و ٧٠کانی سەدەی ڕابردوودا، فەیلییەکان کەسی وەکو حەبیب محەمەد کەریمیان هەبوو. کە یەکێتیش دامەزرا، دوو لە دامەزرێنەرەکانی (عەبدولرەززاق فەیلی و عادل موراد) فەیلی بوون. کەسانی دیکەش دواتر پلە و دەسەڵاتی سەرکردایەتی و باڵایان لەناو یەکێتیدا هەبوو. بەڵام ئێستا کە سەرنج لە پێگە باڵاکانی حزبە باڵادەستەکانی کوردستان دەدەی، فەیلییەکان پاشەکشەیەکی زۆریان کردووە.

ئامادەیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای تورکمانەکان باشترە بە بەراورد بە دەیەکانی دوایی سەدەی بیست. ڕژێمی پێشوو دانی بە بوونی کەمینەکان نەدەنا (چاکە، ٢٠١٩). ئەگەر سەرنج بدەین تەنانەت یەکەم دەستووری عێراقی کۆماریش لە ١٩٥٨، تەنیا ناوی دوو پێکهاتەی عێراق دەبات کە ئەوانیش عەرەب و کوردن. لە

دەرەوەی ئەم دوو پێکهاتەیەدا کەمینەکانی دیکە ون ببوون. سەرەڕای ئەمەش، دڵەڕاوکێی دوورمەودای هەولێرییەکان، بە تورکمان و کوردەوە، بەرامبەر ڕاگواستنی گوندنشینان بۆ شاری هەولێر تا ئێستاش بەرچاو دەکەوێ. ڕاگواستنی زۆرەملێ لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیست لە عێراقدا، پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان چەند بەرامبەر خێراتر کرد. بەڵام هەولێرییەکان، بە تورکمان و کوردەکانیشەوە، ئەم پرۆسەیە بە تێکچوونی شارەکەیان لەقەڵەم دەدەن (قەڵات، ٢٠١٩). خێرایی فراوانبوونی هەولێر بەهۆی ڕاگواستنەوە، کێشەیەکی درێژخایەنی چارەسەرنەکراوی بۆ هاوبەندیی کۆمەڵایەتی لە هەولێر دروست کردووە. هەڵوێستی لەم شێوەیە لە شارە گەورەکانی دیکەی هەرێمیش بەرچاودەکەوێ.

تا دەستکەوتی مادی نەبوو بواری بەشداریکردنیان زۆر بوو" کە بزووتنەوەی کوردستان کەوتە سەر بەرهەم (کورسی و پارە)، ئەندامانی کەمینەکان لەناو حزبە کوردستانییەکاندا وردە وردە پاشەکشەیان پێ کرا.

خۆدۆزینەوە لە کولتووریی باڵادەستدا

خۆدۆزینەوە لەناو کولتووری زاڵ، هەستی ئینتیما و پابەندبوونی بە ئەزموون، ناسنامە و بەهای هاوبەش لە لای خەڵکی سەر بە پاشخانی جیاجیا لە کۆمەڵگەیەکدا پتەو دەکات. لەو ڕووەوە نیشانە و ڕەمزە شوێنەوارییەکانی بۆ نموونە مەسیحی و تورکمانەکان وەك نیشانە و ڕەمزی تایبەت بە ئەوان لەقەڵەم دەدرێن و لەناو شوێنەواری کولتووریی باڵادەستدا جێی شایستەی خۆیان بە تەواوی بۆ نەکراوەتەوە.

هەڵبژاردنی ناو بۆ شوێنەوارە مێژوویەکان زۆر کارێکی هەستیارە. مۆزەخانەی کوردی گوزارشت لە کەمینەکان ناکات. مۆزەخانەکان دەبوو کوردستانی بن کە هەموو پێکهاتەکان، ئەوانەی بەشدارن لە مێژووی کۆن و نوێی ئەم وڵاتە، توخمی خۆیانی تێدا ببیننەوە. شوێنەواری تایبەت بە کەمینەکان نەك هەر نۆژەنناکرێنەوە، بەڵکو پشتگوێ دەخرێن. ئەگەرچی کاتێك بەراورد لە نێوان هەرێم و بەشەکانی دیکەی عێراق دەکەین، جیاوازییەکی زەق دەبینین. ڕاستە مەزارگەی سوڵتان موزەفەرەددین وەك پێویست ئاوڕێ لێنەدراوەتەوە، بەڵام ئەمە بینیمان منارەی حەدبا لە موسڵ لەگەڵ زەویدا تەخت کرا و تەواو وێران بوو. بۆیە دەسەڵاتی خۆجێیی و پارێزگا زۆر ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان، کە ناکرێ خۆیانی لێ بدزنەوە و هەمووی بخەنە ئەستۆی لایە و حیزبە تورکمانەکان. ڕاستە لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بواری کارکردنی بە لایەنە تورکمانەکان داوە. بەڵام کاتێك دەزگایەکی وەکو بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی تورکمانی کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمە، کەموکوڕی و پێداویستیی هەبوو، ئەوە ئەرکی حکومەتە دابینیان بکات، نەك کۆمەڵە و حیزبە تورکمانەکان. تورکمان و مەسیحییەکان بە مافی خۆیان دەزانن پارك و شەقام و گەڕەکیان بەناوی خۆیان لە هەولێر هەبێت. لەو ڕێیەوە هەست بە بەشخوراویی لە نێو کەمینەکان کەم دەکرێتەوە.

سەرباری ئەوە، پەروەردە دەتوانێت لەڕێی چەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان ئەو هاوبەندییە دروست و پتەو بکات. لە نزیکەی سێ دەیەی ڕابردوودا، سەرەڕای بوونی بەرنامەی خوێندنی تایبەت بە هەرێم، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لەوەی ببێتە پرۆگرامێکی هەمەگیر. جیاوازییە جیۆگرافییەکان قووڵتر و کەلێنی نێوان گرووپە ئایینی و ئێتنییەکان زیاتر و زیاتر بوونە. کاتێك لە بەرنامەی خوێندنی بنەڕەتیدا سمکۆی شکاك بە پاڵەوان لە قەڵەم دەدرێ، کریستیانەکان نەك هەر ناتوانن خۆیان لەو پرۆگرامەی خوێندنەدا ببیننەوە، بەڵکو هەست بە ترس دەکەن. هەمان شت بۆ بەرجەستەکردنی نارەخنەگرانەی ڕۆڵی پاشای کۆرەی ڕواندز ڕاستە کە هەستیارییەکی زۆر لای ئێزدییەکان دروست دەکات.

ئێستا کەمینەکان ڕاگەیاندنی خۆیان هەیە، بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی، دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، لە دەستووری عێراقدا ناویان هەیە و لە هەرێمیش (چ وەك ڕەشنووسی دەستوور و چ وەك ئیعتیراف) دان بە بوونیان دەنرێ. ئەمانە بۆ کەمینەکان مافی دەستەبەرکراوی زۆر باشن. سەرەڕای ئەوە، لە ئاستی کولتووریدا هەست بە ستەملێکراویی دەکرێ. بۆ نموونە لە هەولێر تورکمانەکان قەبرستانێکی گەورەیان هەیە بەناوی "قەبرستانی گەورەی هەولێر". ئەم قەبرستانە ڕەمزێکی زۆر گەورەی تورکمانەکانە، لە کاتێکدا هیچ نووسینێك لە دەروازەی قەبرستانەکە بە زمانی تورکمانی نابینین، هەستی پەراوێزخراویی لەلایان دروست کردووە (چاکە، ٢٠١٩" قەڵات، ٢٠١٩).

فەیلییەکان هەست بە ئیهانە دەکەن کاتێك بەهۆی ململانێی سیاسی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی یان ئێران، خەڵکی هەرێم هێرش دەکرێتە سەر مەزهەبی شیعە و ڕەمزە پیرۆزەکانیان. زۆرینەی هەرێمی کوردستان ئەو ململانێیانە لەگەڵ عێراق و ئێران لەگەڵ لە ئاستی سیاسی بۆ ئاستی ئایینی دەگوازنەوە بێ ئاگا لەوەی فەیلییەکان، کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی کوردستانن زۆربەیان شیعە مەزهەبن و ئەو هێرشانە ڕاستەوخۆ ئەوان بریندار دەکات.

دابەشبوونی ناوخۆیی کەمینەکان

ئالنگارییەکانی بەردەم کۆمەڵگەی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا دابەشبوونە ئایینی–ئێتینییەکان نین. هەر یەك لە کەمینەکانی کوردستان بە سەر چەند تاقم و کۆمەڵ و دواتر شوناسی جیاجیادا دابەش بووینە. بۆ نموونە راستە کریستیانەکان لەڕووی مێژووییەوە بەسەر کلدانی، ئاشووری، سریانی و ئەرمەندا دابەش دەبن. بەڵام واقعێکی کارەساتبارە کاتێك دەبینین لە ئاستی سیاسیدا ڕووبەڕووی

دابەشبوونێکی دیکە دەبنەوە بەسەر سێ گرووپی سەربەخۆ، کریستیانی نزیك لە ئاراستەی هەرێمی کوردستان و کریستیانی عێراقیی نزیك لە شیعە. لە نێو کاکەییەکاندا گرووپی یارسانەکان، سەییدی نزیك لە شیعە و ئەوانەی خۆیان بە شوێنکەوتەی تەریقەتێك لە تەریقەتەکان ئیسلام دادەنێن، هەن. فەیلییەکانیش، بەسەر سێ گرووپدا دابەش بوونە.

هەموومان بینیمان چۆن کاتێك ناوچەی شەبەك نشینی دەشتی نەینەوا ڕووبەڕووی هێرشی دەوڵەتی داعش بووەوە، هەموویان هاتنە هەولێر. شیعەکانیان بە فڕۆکە گوازرانەوە نەجەف و باشووری عێراق، و سوننەکانیان لە هەرێم مانەوە.

لەو نێوانەدا حاڵەتی ئێزدییان ئاڵۆزترە. دوای هاتنی داعش بۆ موسڵ و شنگال و ئەو تراژیدیایەی بەسەر ئێزدییاندا هات، ناسنامەی ئێتنیکییان پارچەپارچە دەردەکەوێ. ئەو دابەشبوونە سیاسیانەی لە ئاستی هەرێم و ناوچەکەدا سەریان هەڵداوە، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئەو دابەشبوونە هەبووە و بوونەتە هۆکاری داینەمۆی ئەو پارچە پارچەبوونە. ئەوەش بەو مانایە نییە کە تەنیا لە دوای ٢٠١٤وە ئەم دابەشبوونە ڕووی دابێ. ڕەگوڕیشەیەکی کۆنتری هەیە بەڵام ئێستا بە زەقتر دەردەکەوێ.

ئەمڕۆ دەتوانین سێ ناسنامەی جیاوازی ئێزدییان ببینین: یەکەم: گرووپێکیان خۆیان بە کورد دەزانن و ئێزیدیاتی بۆ ئەوان ناسنامەی ئایینییانە. ئەم کۆمەڵە بەزۆری لە هەرێمی کوردستان دادەنیشن، بەتایبەت لە دهۆك و دەوروبەری و شێخان، و لەژێر کاریگەریی ئەو گوتارە باوەن کە دەڵێ "ئێزیدی کوردی ڕەسەنن". نزیکەی هەموو پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان برەو بەو ئاراستەیە دەدەن. شیکردنەوە سەرەتاییەکان ئەوە دەردەخەن کە کوردبوون لای ئەم گرووپە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ناسنامەی باوی کوردستانی لە باشوور. هەمان هەستی هاوبەش، زمانی هاوبەش و مێژووی هاوبەش ئاماژەی کوردبوونن لای ئەم گرووپە.

گرووپی دووەم: گرووپێکی دیکە لە ئێزیدییەکان خۆیان بە عەرەب دادەنێن و ئێزیدیاتی (باشتر وەك خۆیان دەڵێن یەزیدی) تائیفەیەکی دینییە لە ناو نەتەوەی عەرەبدا. لە ئاستی نوخبەی ئێزیدیان، "ئەنوەر معاویە" کە لە بنەماڵەی میرانی ئێزیدییە و لە ئەڵمانیا دادەنیشێت، نوێنەرایەتیی ئەم ئاراستەیە دەکات. ئەنوەر معاویە ڕەگوڕیشەی خۆیان دەگێڕێتەوە بۆ عودەی بن مسافری ئەمەوی. ئەگەر چی لە مێژووی کۆنتردا سەرچاوەی ئێزدییەکان دەگێڕێتەوە بۆ سەر ئاشووری و بابلییەکان. ئەم ئاراستەیە ڕەنگە لە ژێر کاریگەریی پانعەرەبیزمی حیزبی بەعس و سیاسەتە بەعەرەبکردنەکەی ئەو قەناعەتەیان بۆ دروست بووبێت. لێرەدا قسە لەسەر ئەوە ناکەم کە ئایا بەڵگەکانی ئەنوەر معاویە و کەسانی دیکەی سەر بەم ئاراستەیە ڕاستن و لە ڕووی مێژووییەوە بەڵگەی سەلمێنەرن یان نا. زۆرن ئەوانەی ئەم تیۆرەی ئەنوەر بە پوچ و بێ بەڵگە دادەنێن. قسەی لەسەر "خۆناسیی و خۆ ناسین"ی ئیزدییەکانە. ئەم ئاراستەیە لە نێو ئێزدییەکان لایەنگری زۆری نین.

گرووپی سێیەم: ئەم گرووپە بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە و پێیانوایە ئێزیدییاتی ناسنامەیەکی ئایینی و ئێتنیی تایبەت و جیاوازە لە یەك کاتدا. ئەگەرچی ئەم ئاراستەیەش چەند دەیەیەکە لەلای ئیزدییەکانی ئەرمینیا سەریهەڵداوە، بەڵام لەم بەشەی کوردستاندا و بەتایبەت بە تایبەت لە شنگال بەم فراوانییە لەم چوار ساڵەی دواییدا بڵاوبۆتەوە. بە لای ئەمانە ئێزدی نە کوردن و نە عەرەب.

ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکان هات لە ئابی ٢٠١٤ وەك کەمتەرخەمیی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان لە ئاست ئێزدییەکان شکایەوە و هەرێمی کوردستان نەیتوانی خۆی لە باری ئەم بەرپرسیارێتییە بدزێتەوە. بەشێوەیەکی هاوبەش هەر سێ گرووپی ئێزدییان، لەو بڕوایەدان کە لەو ڕووداوانەی دوایی شنگالدا هێزە کوردییەکانی باشوور دەکرا بەرگرییەکی باشتریان بکردنایە. خاڵێکی تری هاوبەشی هەموو ئێزدییەکان ماڵی شێخ و ئەنجوومەنی ڕووحانیی ئێزدیانە. بەڵام ئەوەی مەترسییە لەسەر ئەم کۆمەڵە ئایینییە، ئەوەیە کە دوای کۆچی دوایی میر تەحسین بەگ لە ٢٠١٩، ئێستا گرووپی یەکەم و سێیەم ناکۆکییەکی گەورەیان تێکەوتووە و لەسەر هەڵبژاردنی میرێك ڕێکنەکەوتوون. ئێستا ئێزدییەکان دوو میریان هەیە.

ناعەدالەتیی جیۆگرافی و هەستی ستەملێکراویی

لەم پاژەیەدا دەچینە سەر باسی هەلومەرجە سیاسی و مێژووییەکانی پشت هەستی بەشخوراویی و ستەملێکراویی لە ئاستە جیۆگرافییەکەیدا. سەرەڕای ئەوەش کەمینەکان لەم دۆخە بەدەر نین. یەکێك لە ماکەکانی پەرتەوازەیی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، دابەشبوونیەتی بۆ زۆنی زەرد و سەوز. ئەم دابەشبوونە لە ئاستە مێژوویی و سیاسییەکەیدا زۆر قسەی لەسەر کراوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە دەرکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی یارمەتیمان دەدات کە زیاتر لە لێکترازانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان تێبگەین. زۆنی زەرد لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراوە و زۆنی سەوز یەکێتی و گۆڕان بە پلەی یەکەم تێیدا باڵادەستن. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە هەستی بەشخوراویی و ستەملێکراویی سلێمانی (گەرمیان و هەڵەبجەشی لەگەڵدا بێت) لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ.

سەرەتا دەبێ لە گێڕانەوەی باوی مێژوویی کە خۆراك بەو بەشخوراوییە دەدات تێبگەین. گێڕانەوەیەك کە خەڵکی سلێمانی پێیان وایە مێژوو غەدری لێکردوون و دەوری ئەوانی تێدا پەراوێز خراوە (گۆرانی، ٢٠١٩" گۆیژە، ٢٠١٩). ئەوان خۆیان بە سەرچاوەی ئیلهامی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە باشوور

دادەنێن و پێیان وایە ئەو شکۆیە لەوان ستاندراوەتەوە. ئەم تێگەیشتنەیاندا پشت بە گێڕانەوەیەك بۆ مێژوو دەبەستن کە دەربڕی هەستی ستەملەکراوییانە. دەکرێ ئەم گێڕانەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

بزووتنەوەی کوردی لە ئیستەمبوڵ لە سەرەتای مێژووی دروستبوونییەوە، کە بەناوی کوردی کرمانجی باکوور تۆمار کراوە، سۆرانیی باشوور و بەتایبەت سلێمانیشی تێدابوون. شەریف پاشای خەندان، جەنەڕاڵ، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس، یەکێك بوو لەوان. پیرەمێردی شاعیر لەوێ ڕۆژنامەی دەردەکرد. لێتوێژراوانی سلێمانی پێیانوایە ئەو قوتابخانەیە هیچ کات بەتەواوی هی کرمانجان نەبوو. بەڵام لە مێژوودا بە ناوی کرمانجان تۆمار کراوە. ئەو قوتابخانەیە دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی و لەژێر کاریگەریی ئەوە، بزووتنەوەی شێخ مەحموود دەست بە جموجۆڵ دەکات. قوتابخانەی سلێمانی لە ڕۆژنامەنووسی و سیاسەتدا بۆ ناوچەی سلێمانی پارێزراوە (گۆرانی، ٢٠١٩).

بۆیە کە سلێمانی ئەو دەستکەوتانەی ئەوسای بە ئەوەی ئێستا هەیەتی بەراورد دەکات، بە جۆرێك لە جۆرەکان هەست بە ستەملێکراویی دەکات. گێڕانەوەکەیان بەردەوام دەبێت تا دەگاتە سەردەمی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کورد کە پێیان وایە:

پارتی دیموکراتی کورد تا ڕادەیەکی زۆر سلێمانی و سۆرانی-نشین بوو. ڕاستە ئەندامانی لە موسڵ، بادینان، بەغدا، هەولێر و کەرکوك هەبوون، بەڵام دواجار حیزبێکی سۆرانئشین بوو. مەلا مستەفای بارزانی بڕیاری دامەزراندنی ئەو حیزبەی دا. لەڕێی هەمزە عەبدوڵڵا پێشنیاز و ڕاسپاردەی ئەوەی کرد کە دوو کەسی بەهێزی سۆرانی دەستەی سەرکردایەتی ئەو حزبیە بگرنە ئەستۆ. ئەو دوو کەسە یەکێکیان شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود بوو، ئەوەی تریان کاکە زیادی کۆییێ کە بێگومان هەردووکیان سۆرانین. هەردووکیشیان مەلا مستەفای بارزانی خۆی پێشنیازی کردوون کە دەستەی دامەزرێنەر بن. بارزانی ئەو کات لە کۆماری مەهاباد بوو. ئەو تەنانەت دواتر هەمزە عەبدوڵڵا، کە خۆی لە کوردانی باکوورە، ئیزن دەدات و ئیبراهیم ئەحمەد (کە خەڵکی سلێمانییە) دەبێتە سکرتێری حزب. ململانێی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لە ساڵی ١٩٦٣ دروست دەبێت. بەرەی مەکتەبی سیاسی کە زۆربەیان سۆرانی و سلێمانی بوون، دەکەونە بەرامبەر بەرەی سەرکردایەتی بارزانی. ئەم ناکۆکییە فۆرمی جیاوازییەکی قووڵی باگراوندی کۆمەڵایەتی، بۆچوون و فەلسەفەی سیاسی وەردەگرێت. لە دوای ڕێکەوتنی یازدەی ئازاری ١٩٧٠، گرووپی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانی پێکهاتنەوە، بەڵام ململانێیەکە هەر وەك خۆی مایەوە و چارەسەر نەکرا. سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکان، ئەو حاڵەتی ململانێیە نەگۆڕا بە هەستی بەشخوراوی و ستەملێکراویی. دوای هەرەسی شۆڕش لە ١٩٧٥ دەرفەت ڕەخسا کە حیزبی دیکە دروست ببن کە زۆربەیان لە ناوچەی سۆرانئشین و سلێمانی بوون. سلێمانی و گەرمیان بەشی شێری لە ستەمەکانی دەستی ڕژێمی بەعس بەرکەوت. ڕووحی کوردایەتی گەیشتە چڵەپۆپە و باجە گەورەکەش ئەوان دایان (گۆرانی، ٢٠١٩“ شاخ، ٢٠١٩“ گۆیژە، ٢٠١٩).

ئەوەی تا ئێستا گوتمان لەژێر ئەم پاژەیەدا، بنەمای ئەو گێڕانەوەیە کە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی هەستی ستەملێکراویی و پەراوێزبوونی سلێمانی و گەرمیان لەبەرامبەر هەولێردا. بۆیە وەك لێتوێژراوانمان لە سلێمانی گوتیان "کاتێك خەڵکی سلێمانی دەبینن چەقی حوکمڕانیی کوردستان لە هەولێرە، ناتوانن قبووڵی بکەن" (گۆرانی، ٢٠١٩“ گۆیژە، ٢٠١٩).

ئەم گێڕانەوەیە بەردەوام دەبێت تا دەگات بە شەڕی ناخۆی ساڵانی ٩٠ەکانی سەدەی ڕابردوو. لێرەوەیە کە هەستی ستەملێکراویی لە بەرامبەر پارتی دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر. ئاوارەیی یەکێتییەکانی هەولێر لە سلێمانی و دروستبوونی ئیدارەی سلێمانی بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسووڵ و تیمەکەی کە زۆربەیان هەولێری بوون، هەستی بەشخوراویی لای سلێمانییەکان زۆرتر کرد. تیمی یەکێتی لە حکومەتی هەرێم کە دەچنە سلێمانی پارێزگاریی لە پێگەی باڵای سیاسی-ئیداریی خۆیان دەکەن. زۆربەی وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانیدا هەولێری بوون. بە قسەی لێتوێژراوان، ئەمانە دەبن بە بارگرانی بەسەر سلێمانییەوە. کۆمەڵی سلێمانی ڕۆژێك و دوو ڕۆژ ئەو بارگرانییە قبووڵ دەکەن، بەڵام کە کار گەیشتە سەر دابەشکردنی ئیمتیازاتەکان و دەسەڵاتگرتنەدەست، ئیتر وا بە ئاسانی هەرس ناکرێ.

لەدوای شەڕی ناوخۆی نێوان حیزبەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی سەدەی ڕابردووەوە، دابەشبوونی سیاسیی دابەزیبە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی کە تا ئێستاش هەر لە بەرفراوانبوون دایە

یەکگرتنەوەی یەکێتی و پارتی لە دوای ٢٠٠٥ بووەی هۆی ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە هەرێمی کوردستان یەکگرتوو دەرکەوێ. تەنیا لەدوای ئەو ڕێککەوتنە بوو کە وێنەی مام جەلال گەیشتە هەولێر و دهۆك و وێنەی مەسعود بارزانیش گەیشتە سلێمانی. لەم ڕێککەوتنەدا هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی پارتی شکایەوە. ڕۆژنامەی باسەرە کە لە هەولێر دەردەچوو لە باسی ئەو ڕێککەوتنە گوتی "سلێمانی دەبێتەوە بە پارێزگایەك". واتە سلێمانی بە هەموو قورسایی حکومەت و ئەنجوومەنی وەزیرانی خۆی لە کاتی شەڕ و ململانێی ساڵانی ١٩٩٦-٢٠٠٤ دابەزییەوە بۆ پێگەی پارێزگایەك. ئەمە لە کاتێکدا، وەك یەك لە بەشدارانی توێژینەوە (گۆرانی) دەڵێ :

"سلێمانی ناتوانێت بڕوا بە مەرکەزبوونی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان لەدەرەوەی خۆی بێنێت". ئەم دابەشبوونە جیۆگرافییە تا ڕادەیەکی زۆر سیاسییە و لە ململانێی نێوان پارتی–یەکێتییەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام ئەوەی ئەم جیاوازییەی قووڵتر کردەوە، مەسەلەی ئیمتیازاتەکان بوون. خۆ لە ڕووی سیاسییەوە ئاوارەکانی هەولێر لە سلێمانی یەکێتی بوون، بەڵام مەسەلەی ستەملێکراویی و بەشخوراویی سنوورە سیاسییەکانی بڕی و بووە ناوچەیی لە نێوان هەولێر و سلێمانی.

کۆچکردن هەمیشە ململانێ دروست دەکات. سەیری نموونەکانی دیکەی کۆچ ﴿ی زۆرەملێ﴾ بکە لە ڕابردوو و ئێستادا، دەتوانین وەك بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە سوودی لێوەرگرین. ڕاگواستنی خەڵکی لادێیەکان بۆ ناو شارەکان، کەرکووکیەکان بۆ هەولێر و سلێمانی، کۆچی ئاوارەکانی بەشاکانی دیکەی عێراق بۆ هەرێم، هاتنی پەنابەرانی سووری لە دوای شەڕی سووریاوە بۆ هەرێم، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا جۆری جیاجیای کاردانەوەی خەڵکی نیشتەجێی شوێنی کۆچبۆکراو دەبینین. هەستکردن بەوەی شارەکەیان داگیرکراوە و وا خەریکە ڕەنگ و ڕووی شارەکەیان دەگۆڕێت" ئەم داگیرکارییە تەنیا لە لایەنی کولتووری و شارنشینی قەتیس نامێنێ، بەڵکو دەرفەتی کاریش بۆ خەڵکی خۆجێیی کەمتر دەبێتەوە. هەروەها لە دابەشکردنی ئیمتیازەکاندا، ئاوارەکان بەهۆی ئەوەی کە لە لایەن حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشەوە زێتر خزمەت دەکرێن، خەڵکی خۆجێیی هەست دەکەن پشتگوێ خراون و "ئەوانەی شارەکەیان داگیرکردووە" بوونەتە جێی سەرنج و حیسابی لە پێشتریان بۆ دەکرێ لای دەسەڵات و ڕێکخراوەکان.

پشتگوێخستنی بەشێکی لە لایەن هێزی باڵادەستەوە یەکێك بووە لە هۆکارەکانی هەستی ستەملێکراویی و بەشخوراویی سلێمانی–گەرمیان. بۆ یەکەم جار حیزبێك یان جووڵانەوەیەکی سیاسی کە ئەم هەستەی خەڵکی سلێمانی بەکارهێنا و کردی بە گوتاری باوی ئەم بەشەی هەرێم، "بزووتنەوەی گۆڕان" بوو. کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگە و هیچکات یەکگرتوو نەبووە. ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی هەمەلایەن و پێکهاتەیی هیچکات چارەسەر نەکراوە.

نموونەی ئەو هەستی بەشخوراوییە لە لای تورکمانەکانی هەولێریش دەبینین. زمانی قسەکردنی باڵادەست لە شاری هەولێر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تا ساڵانی هەشتاکان تورکمانی بوو. ئەمە نەك تەنیا لە لای ئەوانەی کە لەڕووی ئێتنییەوە تورکمانن، بەڵکو کوردەکانیش زمانی تورکمانی ڕەمزی هەولێرییبوونیان بوو. ئەو پێکهاتە زمانییەی شاری هەولێری گۆڕی، تێکدانی گوندەکان و کۆچی زۆرەملێی گوندنشیان بوو بۆ ناو شار هەولێر و دەوروبەری. نوێنەرێکی تورکمانەکانی هەولێر دەڵێت: "کێشەمان لەگەڵ خەڵکی مسەقەف نەبووە کە هاتوونەتە هەولێر. ئەوەی پێکهاتەی شاری هەولێری تێکدا و ناسنامەکەی گۆڕی کۆچی گوندنشینان بوو لە ساڵانی هەشتاکاندا بۆ ئەو شارە" (قەڵات، ٢٠١٩).

مەسەلەی دەسەڵات گرتنە دەستی هەولێرییەکان لە سلێمانی دواتر لە ڕووی سیاسییەوە بەکارهێنرا. لە دوای سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنەوە، خەڵکی سلێمانی ئاراستە دەکران کە وەزیر و بەڕێوەبەرێکی سلێمانی لە حکومەتدا نەماوە. ئەم گوتارە زۆر بە ئاسانی لەلای خەڵکی ئاسایی جێی دەبووەوە، چونکە بەڵگەی ڕوون بۆ ئەمە هەبوو. ئەگەرچی ئاشکرایە بەهۆی ئەوەی کابینە هەمیشە لە پایەتەختە، خەڵکی پایەتەخت بەشی زیاتریان لە ئیمتیازەکانی حکومەت بەردەکەوێت. ئەمە نەك هەر لەناو حکومەتدا، بەڵکو لەناو حیزبیشدا وایلێهاتبوو. پۆستی گەورەی یەکێتی هەبوون لە هەولێر کە بەدەست هەولێرییەکانەوە بوون.

لە بەراوردکردنی پارێزگای سلێمانی بە هەولێردا، هەمیشە ئاماژە بە ناعەدالەتی لە خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی هەرێمدا دەکرێ. ئێمە لەوە ناکۆڵینەوە کە داخۆ سەرچاوە بەردەستەکان لە هەرێم چۆن دابەشکراون و سلێمانی لەچاو هەولێر چەندی لە بودجە و داهاتی هەرێمی کوردستان بەرکەوتووە. سلێمانی کارگەی چیمەنتۆی هەیە کە پشکێکی گەورەی بودجەی وەبەرهێنانی سلێمانی بۆ خۆی دەبات. بۆچوونێك لە سلێمانی هەیە پێیوایە کە لەبەر ئەوە نەبێت کە مادە خاوەکەی تەنیا لە پارێزگای سلێمانی دەست دەکەوێت، بەرپرسانی سنووری زەرد هەموو ئەم کارگەی چیمەنتۆیەشیان دەگواستەوە بۆ پارێزگای هەولێری ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ١٩). هەمیشە و بە دەنگی بەرزەوە لە سلێمانی ئەوە دووپات دەکرێتەوە کە پێشکەوتنی شاری هەولێر لەسەر حیسابی شارەکانی دیکەیە (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٣١). لەوەش زیاتر دەڕۆن و پێیان واتە حکومەتی هەرێم وەکیەك مامەڵە لەگەڵ هەموو شارەکان ناکات. زۆرینەی سلێمانی پێیوایە حکومەتی هەرێم زیاتر حکومەتی هەولێرە نەك هەرێمی کوردستان (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٣٠). هەر بەڕاست، حزب و زۆربەی خەڵك لە سلێمانی ئەم حاڵەتە وەك کردەیەکی مەبەستداری حکومەتی هەرێم دەبینن تەواو لەو بڕوایەدان کە حکومەتی هەرێم بەردەوام و بە مەبەست سزای سیاسی و ئابووریی ناوچەی سلێمانی دەدات (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٤٧).

## 5. ئەنجامەکان: شکستی کۆمەڵگەی یەکگرتوو و لێکترازانی کۆمەڵایەتی

سیاسەت سایکۆلۆژیای تایبەت و حیزبایەتی زهنییەتی جیاواز گەشەپێدەدات. کۆمەڵگە کەوتۆتە بەر ڕەشەبای سیاسەتی حیزبایەتی و حیزبەکان کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانیان بەقووڵی دابەش کردووە. کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان ئێستا لەبەردەم هەڕەشەیەکی لێکترازانێکی قووڵ دایە. ڕەنگە کەسانێك بڵێن

لێکترازان چەمکێکی گونجاو نییە بۆ خوێندنەوەی واقعی دابەشبووی هەرێمی کوردستان، چونکە هاوبەندیی سەرتاسەریی بەشێوەیەکی واقعی لە باشووری کوردستاندا نەبووە تا باس لە لێکترازان بکرێ. بەڕای من بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە سەدەی بیست چوارچێوەیەکی کۆمەڵگەی وێناکراوی لەم بەشەی کوردستاندا دروست کردبوو. چوارچێوەیەك کە نەك هەر کورد، بەڵکو ئەو کەمینە ئێتنی و ئایینییانەش کە لەو جوگرافیایە دەژین بە ئاستی جیاواز تێیدا بەشدار بوون. ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەی پەرە بە پرۆژەی کۆمەڵگەسازیی لە هەرێمی کوردستان بدرێ. دەکرێ سێ ساڵی نێوان ١٩٩١-١٩٩٤ بە ماوەیەکی کورتی فراژووبوونی کۆمەڵگەی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ناو بەرین. بەڵام دواتر شەڕی ناوخۆ، مامەڵەی نادادگەرانە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و حوکمڕانیی خراپ، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسیی هەرێمی کوردستانی بەرەو دابەشبوون و لێکترازان برد. کۆمەڵگە بەرهەمی سیاسەتە. جیاوازیی و لێکدابڕانی شارەکان سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان لە لایەك و هەولێر و دهۆك لە لایەکی دیکەوە، درزێکی گەورە خستۆتە نێو کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانەوە. سیاسەت و حوکمڕانیی جیاواز لەم دوو زۆنەدا گەشەیکردووە کە ئەمڕۆ ئەستەمە باس لە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو لە باشوور بکرێ. سەرەڕای ئەوەش، حزبە سیاسییەکان ئاو بە ئاگری ئەم جیاوازی و دابەشبوونانەدا دەکەن.

شوناس بەرهەمی کۆمەڵگەیە. بەهۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتییەوە لەم دوو زۆنەدا، دوو شوناسی جیاواز دروستبوونە. ئەمڕۆ سیاسەتە گشتییەکانی حکومەت و سیاسەت بە ئاراستەی نەتەوەسازیی دەستنیشانی شوناسی خەڵك دەکات. کاتێك کەمینەکان ساڵ بە ساڵ دەوریان لە پاشەکشەدا دەبێت، پرۆژە شوناسی کەمینەکان دەبێتە دەرکەوتەیەکی حەتمی. شوناسی سیاسیی کەمینەکان لە گەشەکردندایە، ئەمەش بەهۆی هەمەگیرنەبوونی شوناسی کوردستانیی ئەم هەرێمە. جگە لەوەش، حکومەت و حزبە باڵادەستەکان سیاسەتی گرتنەخۆ بەرامبەر کەمینەکان بەشێوەیەکی کاریگەرانە ناگەرنە بەر. لە ململانێ لەگەڵ زۆرینەدا، خەڵکی سەر بە پێکهاتەی کەمینە، هەمیشە زەرەرمەند و دۆڕاون. بەڵام مەترسییەکە ئەوە نە ڕابردووی مێژوویی و نە فشار ناتوانێت کەمینەکان بە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانەوە ببەستێتەوە. شوناس و بەشێك بوون لە کۆمەڵگە مەسەلەی ویستە. شوناس ویستی خەڵکە بۆ خۆ ناساندن. ئەم ویستەش زەبری بەر دەکەوێ کاتێك ئەندامانی هەر کۆمەڵێك هەست بکەن دەرفەتی وەکیەکی ئابووری و سیاسییان نییە. کەمینەکان لەو کۆمەڵگەیە ڕادەکەن کە هەست دەکەن مافی هاوڵاتیبوونی یەکسان نەچەسپیوە و هەموویان لەبەردەم یاسا وەکە یەك مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێ. کەمینەکان هەست بەنامۆیی دەکەن لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەبینن سیمبول، ڕەمز، ماکە کولتووری و بەهاییەکانیان لەناو کولتووری باڵادەستدا جێی نەکراوەتەوە. کەمینە ئایینییەکان پێگەی شایستەی خۆیان بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ کوردی موسڵمانی زۆرینە پێنادرێ. کاتێك هاووڵاتیبوون نابێتە پێوەری بنەڕەتی شوناس، ئیتر هەر پێشێلکردنی ماف و ئازاردانێکی کەمینە زەقتر دەنوێنرێت. ئەگەر هەستی ستەملێکراوی و بەشخوراویی و پەراێزخستنی خەڵکی سەر بە زۆرینە لە فۆرمی سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆن و جیاکاریی ناوچەیی-شاریی (جیۆگرافی) مۆبیلایز بکرێ، هەمان هەست لە لای کەمینەکان، بەرەو شوناسێکی ئایینی-ئێتنی گۆشەگیرتریان دەبات.

پەناگەی کەمینەکان یاسایە، و دەیانەوێ لەو ڕێیەوە حکومەت بیانپارێزێ. کاتێك حکومەت لاواز بێت، ئەوانە ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە. بۆ نموونە، کرستیانەکانی عێراق زۆر پێداگیری لەسەر جێبەجێکردنی یاسا دەکەنەوە، چونکە عەشیرەتیان نییە، بڕوایان بە چەکداریی نییە. هەنگاوی سەرەکیی گرتنەخۆی کەمینەکان ئەوەیە کە مافەکانیان لە دەستووردا بچەسپێن نەك یاسا. چونکە ئەو مافەی یاسا دانی پێدا دەنێ، دەشێ بە یاسا هەڵوەشێتەوە. لە وڵاتێکی سەقامگیرنەبوودا، دەستوور گەرەنتییەکی هەمیشەییترە بۆ کەمینەکان کە بە دڵنیایی بژین.

کەمینەکان پێگەی شایستەی خۆیان بەشێوەیەکی وەکویەك لەگەڵ خەڵکی موسڵمانی سەر بە پێکهاتەی زۆرینە یان نزیك لە دەسەڵاتداران پێ نادرێ. کاتێك هاوڵاتیبوون نابێتە پێوەری بنەڕەتیی شوناس، ئیتر هەر ئازاردان و پێشێلکارییەکی مافی کەمینە زەقتر دەبێتەوە.

ئەو کۆمەڵگەیانەی قۆناغی دەوڵەتسازیی لە پێش سەرهەڵدانی کۆمیونیکەیشنی تازەدا بەڕێکردووە، هاوبەندییەکی کۆمەڵایەتییان تێدا جێگیر بووە. تەنانەت لەگەڵ سەرهەڵدانی "جیاوازییەکان" ڕۆحی کۆمەڵگە بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە. ڕاستە کە تێکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان لەیەکچوونەکان دەگۆڕێت بە جیاوازیی، بەڵام هەموو گۆڕانێك لە لەیەکچوونەوە بۆ جیاوازیی نابێتە هۆی دابەشبوون و لەبەریەکترازانی کۆمەڵگە. دەوڵەتنەتەوەی مۆدێرن لەسەر سیستمێکی سیاسی-ئابووریی تۆکمە دامەزراوە کە شوناسی کۆمەڵگە بە یەکگرتوویی دێڵێتەوە. جیاوازییەکان هەر چەند زۆر و گەورەش بن، بەڵام دەزگاکانی کۆمەڵگە کولتوورێکی هاوبەش و یەکگرتوو بەرهەم دێنن.

## 6. سەرچاوەکان

### 1.6. بە زمانی کوردی:

پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٥) پرۆژە یاسای مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ساڵی (٢٠١٥). بەردەست بوو لە ڕێکەوتی

٢٠١٩\١٠\١٥ لە ماڵپەڕی: http://www.kurdistan-parliament.org/files/articles/210415111027.pdf

حەکیم، مراد و ئەمیر، لەیلا (٢٠١٧) کۆمەڵگەی کوردستانی باشوور لە نێوان یەکگرتوویی و پەرتەوازەییدا. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندا ٢، ژمارە ١.

عەبدوڵڵا، بەیار عومەر (٢٠١٦) ناعەدالەتی جوگرافی و چارەسەرکردنی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، بێ شوێن: بێ دەزگای بڵاوکەرەوە.


**2.6. بە زمانی ئینگلیزی:**


Berger-Schmitt, R. (2000) Social Cohesion as an Aspect of the Quality of Soceities: Concepts and Measurement, EuReporting Working Paper, No. 14, Mannheim: Centre for Survey Research and Methodology.

Castells, M. (1997) The Power of Identity, The Information Age: Economy, Society and Culture, Vol. II. Cambridge: Blackwell.

Chan, J. et al (2006) Reconsidering Social Cohesion: Developing a Definition and Analytical Framework for Empirical Research, Social Indicators Research, vol. 75(2), pp. 273-302.

Durkheim, E. (2013) The Division of Labour in Society, Translation by W. D. Halls, 2nd edition. Hampshire: Palgrave Macmillan.

Giddens, A. (1984) The Constitution of Soceity: Outline of the Theory of Stracturation, Cambridge: Polity Press.

Gough, I. and Olofsson, G. (1999) Capitalism and Social Cohesion: Essays on Exclusion and Integration, London: MacMillan Press.

Green, A. et al (2006) Education, Equality and Social Cohesion: A Comparative Analysis, New York: Palgrave MacMillan.

Hudson, et al (2007) Social Cohesion in Diverse Communities, York: Joseph Rowntree Foundation.

Hunt E. F. and Colander, D. C. (2017) Social Science: An Introdcution to the Study of Society, 17th ed, New York: Routledge.

Jenson, J. (1998) Mapping Social Cohesion: The Sate of Canadian Research, Ottawa: Canadian Policy Research Networks.

Jenson, J. (2010). Defining and Measuring Social Cohesion. Commonwealth Secretariat and United Nations Research Institute for Social Development. Available at: http://www.unrisd.org/80256B3C005BCCF9/search/170C271B7168CC30C12577D0004BA206

Kearns, A. and Forrest, R. (2000) Social Cohesion and Multilevel Urben Governance, Urban Studies, vol. 37(5-6), pp 995-1017.

Larsen, C. A. (2013). The Rise and Fall of Social Cohesion: The Construction and De-construction of Social Trust in the US, UK, Sweden and Denmark. Oxford: Oxford University Press.

McDowall, D. (2004) A Modern History of Kurds, London: I.B.Tauris.

Nolan, P. & Lensky, G. (2009) Human Societies: An Instorduction to Macrosociology, 11th Ed, London: Paradigm Publiphers.

Rajulton, F. et al (2007) Measuring Social Cohesion: An Experiment Using the Canadian National Survey of Giving, Volunteering and Participating, Social Indicators Research, vol. 80(3), pp. 461-492.

Schiefer, D. and van der Noll, J. (2017) The Essentials of Social Cohesion: A Literature Review, Social Indicators Research, 132(2), pp. 579-603.

Spoonley, P. et al (2005) Social cohesion: A Policy and Indicator Framework for Assessing Immigrant and Host Outcomes, Social Policy Journal of New Zealand, No. 24.

Taylor and Davis (2018) Social Cohesion, in Edited by Callan, H. The International Encyclopedia of Anthropology, New York: John Wiley & Sons, Ltd.

## المجتمع المتجزأ: الدراسة النوعية حول التماسك الاجتماعي في إقليم كردستان – العراق

**الملخص:**

المجتمع ليس بالضرورة، حتي في حالتة المتضامنة ان يكون، خالي و مأمن من الخلافات والصراعات علي المستوي الداخلي. بناءا علي هذا المنطلق نحو المجتمع، نمكننا ان نحتج بان هنالك شيء اسمة مجتمع اقليم كردستان. هذا البحث تهدف الي دراسة مكونات وابعاد و وقضايا التماسك الاجتماعي في اقليم كوردستان. انة يستكشف ايضا الي اي مدي الشعور الذاتي بالظلم والتمييز بين جميع شرائح المجتمع بما في ذلك الأقليات العرقية–الدينية من ناحية وعلي المستوي الجغرافيي (بين المدن) من ناحية أخري، واجهت المجتمع في كردستان مع مزيد من التفكك والتجزء الاجتماعي، و بالنتيجة ادي الي انبعاث الهويات الفرعية.

**الكلمات الدالة:** المجتمع المتجزأ، التماسك الاجتماعي، الأقليات، الإبعاد الاجتماعي، اقليم كردستان

## Fragmented Society: A Qualitative Study on Social Cohesion in the Kurdistan Region-Iraq

**Abstract:**

Having accepted the claim that there is something as Kurdistan Region society, I argue that society, even in its homogenic form, is not safe from disagreement and conflict at internal level. With this approach towards the concept of society, this research investigates the principles and issues of social cohesion in the Kurdistan Region. It explores the extent to which the grievances and injustice among all the segments of society, including ethno-religious minorities and at inter-communal (between cities) level, have confronted the Kurdistan Regions society with further segregation and fragmentation.

**Keywords:** Fragmented Society, Social Cohesion, Minorities, Exclusion, Kuridstan Region